شاندێکی بازرگانی باکووری کوردستان و تورکیا سەردانی سلێمانییان کرد



ئەمڕۆ یەکشەممە، شاندێکی بازرگانی کە لە نزیکەی بیست کەمپانیا پێکهاتبوون کە لە 13 شاری باکووری کوردستان و تورکیاوە هاتوون، سەردانی ژووری بازرگانی سلێمانییان کرد، ئامانج لە سەردانەکە پتەوکردنی پەیوەندییەکانە لە سەرجەم کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ لەگەڵ سلێمانی.

سەرکی ژووری بازرگانی سلێمانی لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان و تورکیا شەش ملیار دۆلارە"

نەوزاد غەفور وتیشی: "گەمارۆی تورکیا بۆ سەر سلێمانی زیانی زۆر بوو، سەبارەت بە فڕۆکەخانەی سلێمانیش نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار زیانی هەبووە".